بۆ منداڵی تەمەن "١٠" ساڵ و بەرەوژوور

# کەروێشکێکی لەویندار





خاوەنی ئەم پەرتووکە

..................

..................

تەمەن ..........

# کەروێشکێکی ئەویندار



نوسین و ئامادەکردنی وێنەیی

زەمانە سالم



کەروێشکێکی سپی بە ناوی (وریا) لە مەڵبەندی ئەفسووناوی کوردستاندا دەژیا، ئەو جوتیارێکی دڵۆڤان و زەحمەتکێش بوو، چونکە هەر کاتێک گێزەر و کەلەرمەکانی دەگەیشت بەشی هاورێکانیشی دەدا.



وریا دەمەو ئێوارە لە کار دەستی کێشاوە و بۆ ماڵەکەی کە بە گوڵی سپی داپۆشرابوو، گەڕایەوە. بە هۆی ئارەق کردنەوەیەوە لە ناو کوولەکەیەکی گەورە کە ئاوەکەی لەبەر خۆر گەرم ببوو، خۆی شوشت.



لەبەر ئاوێنەکەدا جلە کوردییەکەی لەبەر کرد و قژی شانە کرد. ئەمجا گوڵدانە گوڵە بۆنخۆشەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و بە پەنجەی کەوتە خشووکەدانی کەپۆی، گوڵەکەش بە نازەوە دوو پژمەی کرد و جلوبەرگ و دەم و چاوی بۆنخۆش کرد.



وریا ڕۆیشت بۆلای هاوڕێکانی کە لە دەوری ئاگر کۆ ببوونەوە و قسەیان دەکرد و پێدەکەنین. کاتێک (خدر) دەستی کرد بە سەما کردن، وریا چاوی لە پەنجەرەی ماڵی (لانک) بوو. لانک کچی خاڵی بوو، بەڵام باوکی بە وریای نەدەدا.



ڕۆژێکی بەهاری جوان، لانک بۆ چاوپێکەوتنی وریا هات. وریا بە بینینی لانک زۆر خۆشحاڵ بوو، دەستی گرت و چوون بۆ قەد پاڵی تەپۆڵکەیەک کە پڕ بوو لە ڕێواسی تازە و ئاودار.



وریا و لانک تازە دەستیان بە خواردن کردبوو، لە ناکاودا لە کەناری قارچکێکی گەورە، شتێک لە ژێر ڕووناکی هەتاودا درەوشایەوە. دوو شەکری کڵۆ بوو. وریا هێواش دەستی نزیک کردەوە و دوو شەکرە کڵۆکەی هەڵگرت و تامی کرد و هەستی بەلەزەتێکی زۆر کرد.



لانک بە سەیرەوە وتی: «خۆشە!؟» وریا بەپەلە ئەوی دیکەی پێدا و دەستیان بە خواردن کرد و وتیان: «چ تام و چێژێکی خۆشی هەیە!»



لە هەمان کاتدا لەسەر تەختە بەردێک دانیشتن و سەیری فڕینی پەپوولەیان دەکرد، لانک وتی: «خودایە سوپاس بۆ ئەم ڕۆژە جوانە!» وریاش بە زەردەخەنەوە وتی: «بەڵێ، سوپاس بۆ خودا، کە بە هۆی ئەو ئەویندارییەوە ڕێزی خۆمان و خەڵاتەکان دەزانین.»



لانک کە خاڵخاڵۆکەیەک بەسەر تەنوورەکەیەوە نیشتبووەوە، خستییە سەر دەستی و فووی لێکرد. هەروەها
کە خاڵخاڵۆکە کە دوور کەوتەوە، ڕۆژەکانیش تێپەڕ بوون تا خاڵی وریا بۆ سەردانی ئەو هات. وریا بە
سەرسامییەوە سەیری کرد!



خاڵی وتی: «لانک لەو شیرینییە سپییەی ئەو ڕۆژە زۆر دڵخۆش بووە. ئەگەر چەند دانەی کە پەیدابکەیت، ئەوسا بۆ من دەردەکەوێت کە چەندت خۆشت دەوێت و لانکت دەدەمێ.»



کە خاڵی ڕۆیشت، وریا بە خۆشحاڵییەوە کڵاوەکەی هەڵدا بە حەوادا و وتی: «هۆی هۆی...»



سبەی بەیانی وریا و خدر لە هەمان تەپۆڵکە دەستیان بە گەڕان کرد. خدر کە لە سەر ئێخەی جل و بەرگە کوردییەکەی بۆن باخی بەستبوو، و هاوشێوەی چەتەکانی دەریا چاوی بەستبوو. سات بە سات بە گاڵتە بە دەنگی بەرزەوە دەیوت: «ئەها پەیدام کرد!»



وریا بەپەلە خۆی دەگەیاندە ئەو و پرسیاری دەکرد: «کوانێ، کوانێ؟» خدر بە شێوەیەکی گەمژانە دەستی بە پێکەنین کرد. چەند ڕۆژێک تێپەڕی. خدر وتی: «هاوڕێ، خۆم کچێکی باشت بۆ پەیدا دەکەم با بگەڕێینەوە» وریا پێکەنینی پێی دەهات.



خدر وەڵامی دایەوە: «فس، هەموو کچەکان بۆ من شێت دەبن، بۆ ڕازاوەترین و قەشەنگترین کەروێشکی کوردستان!» وریا کە لە پێش خدرەوە دەڕۆیشت بە هێمنی وتی: «چەندە خۆش خۆی هیوادار دەکات!» لەوکاتەدا ژێر پێی بەتاڵ بوو و کەوتە دۆڵێکی پڕ لە لقوپۆپی درەخت و قاچی ڕاستی بریندار بوو.



وریا کە لە ئێشی پێیناڵەی دەهات و لەسەر زەوی هەستا و شەلەشەل بە ڕێگادا ڕۆیشت و لەپڕدا لە نزیک بەردێکی قاوەیی شەکردانێکی شکاوی دۆزییەوە.



دە شەکری کڵۆی بینی. وریا بە دڵخۆشییەوە هاواری کرد: «پەیدا بوو، پەیدا بوو!»



خدر کە گوێی لە دەنگی هاوڕێکەی بوو، هوهای کێشا.
وتی: «ئۆخەی ئۆخەی! بە هۆی کەروێشکێکی خۆش شانسی وەک منەوە ڕزگاری بوو! تا خدر هەبێ، خەم نابێ، گەورەکان وتوویانە!»



بەپەلە پشتوێنەکەی لە کەمەری کردەوە و سەرێکی بۆ خواری دۆڵەکە شۆڕکردەوە.



تا هاوڕێکەی بە یارمەتی ئەو بتوانێ سەربکەوێت.



کاتێکی پێچوو کە خدر قاچە برینداره‌کەی وریای بەست و ئەو دووانە لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ گوندەکە بۆ (ماڵی ئەوین) ڕۆشتن.



نزیک ئێوارە بوو کە وریا و خدر گەیشتن بۆ ماڵی خاڵی...
خاڵە هەر وەک هەمیشە بە ڕووی ناشرینەوە دەرگای لێ کردنەوە و **پرسیاری کرد: «ها ها، شیرینییە** سپییەکەت دۆزییەوە؟» وریا وەڵامی دایەوە: «بەڵێ خاڵە گیان.»



کاتێک دەشەکرە کڵۆکەی بینی زەردەخەنەیەک گرتی و وتی: «ئاخری کچە کیژۆڵەکەم گوێی دایە قسەی من و مێردی بە کەروێشکێکی ساماندار کرد! جا ئێستا لە پێش چاوانم ون بە!» دواتر دەرگاکی داخست.

خدر لەبەر نارەحەتی وتی: «ئای پیرەمێردی بەدفەڕ، لە بۆنی ناخۆشی دەمەکەت خنکام، پف! پف!»



وریاش کە لە قسەکانی خاڵی زۆر ئاڵۆز ببوو. چاوی خەمۆکی لە ئاسمان بڕی و وتی: «نا نا، لانک هەمیشە بۆ من وەفادار بووە و بەوەفاش دەبێت.» هاوین گەیشت، لەو کاتەدا وریا قاچی باش ببۆوە، بەڵام چونکە هەواڵی لە لانکی نەدەزانی، زۆر خەمناک بوو.



وریا هەموو ڕۆژێک بە چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە دەچوو بۆ قەراغ شەقامەکە و چاوەڕێی دەکرد. خاڵی لە پشت درەختێک خۆی دەشاردەوە تا بە حاڵی وریا پێبکەنێت.



لە وەرزی پایزدا شەماڵ کە سەمای دەکرد و گەڵای زەرد و نارنجی درەختەکانی بۆ سەر زەوی دەوەراند. بە هێواشی خۆی بە ڕوخساری وریادا خشاند و دەنگی لانکی بە گوێ گەیاند: «وریا... وریا... فریامکەوە!» وریا چاوی کردە وە و وتی: «ئەوە نیشانەیە لە لایەن خوداوە، تا بەدوای لانکدا بگەڕێم! سوپاس خودایە.»



چەند ڕۆژێک دواتر، وریا لەگەڵ خدر چوون بۆ سەفەر. خدر لەبەر خۆیەوە دەیوت: «ئۆف ئۆف، نازدارم، نازدارم، شۆخ و شەنگم من!» لە ناکاودا سێبەرێکی ڕەشی گەورە لەسەر سەوزەکان دەرکەوت. خدر سەری بەرز کردەوە و لە ترسان هاواری کرد. چونکە ئەو سێبەرە، سێبەری (شێرخان پڵنگ) بوو.



خدر ئەوەندەی بتوانێت خێرا ڕایکرد و لە پشت درەختێکەوە خۆی شاردەوە. بەڵام بە بینینی هاورێکەی لە نێوان پە نجەی پڵنگەکەدا تۆقا و وتی: «ئەگەر شەهید بم، دنیا هونەر و جوانی خۆی لە دەست دەدا، بەڵام دەبێت ئەم گیانە پیرۆزە بخەمە مەترسییەوە، هێرش! ئای، ئای ... !»



کاتێک وریا و خدر بە ئاگا هاتنەوە، خۆیان لە گۆڕەپانێکی گڵیدا بینی، تا پڵنگەکان پێشبڕکێی ئەو دووانە لەگەڵ کەروێشکە ڕەش تەماشا بکەن. پێشبڕکێ دەستی پێکرد. خدر وتی: «یەک، دوو، سێ وەرگرە ئەندام قەشەنگ!»



بەڵام چونکە سەری گێژی دەخوارد، مستی لە دەم و چاوی وریادا. دواتر وریا و خدر بە برینداری بە سەر زەوییەکەدا کەوتن. بەڵام وریا خۆی بە دەستەوە نەدا و لە ناکاو بە یارمەتی خدر پشتوێنەکەی بە دەوری کەروێشکە ڕەشەوە پێچا و کەروێشکە ڕەشە کەوت بەزەویدا. پڵنگەکان لەسەر سوڕماندا واقیان وڕ مابوو.



خدر بە هەڵکردنی شەماڵ، چارەکەی لە گەردنی کردەوە و فڕێیدا بۆ حەوا و وتی: «دەناسێتم، جلوبەرگی کوردی، شانازیی ئێمە!» (شاژن پڵنگ) لە وریا و خدر نزیک بۆوە. خدر لەرزی و وتی: «بەه بەه، لەم جەستە جوانە! بەه بەه لەم مانگی شەوی چواردە!» دواتر گوڵێکی سیس کە بەختەوەرانە لە سەر زەوی کەوتبوو، پێشکەشی شاژنە پڵنگی کرد.



خۆشبەختانە شاژنە پڵنگ کاتێک توورەییەکەی ڕەوییەوە وتی: «تا پەشیمان نەبوومەتەوە، ڕاکەن.»
وریا بە سەرسوڕمانەوە چاوی تێبڕی و خدر بە هێواشی وتی: «ئاخری ئەم پەندەی خۆم "لە خۆشەویستی
من، ئاژەڵەکان دەبن بە خۆمانە" بە کار هات! کاتێکی زۆرە لەسەری کار دەکەم، ئای لە من!»



وریا و خدر کە لەو شوێنە ترس هێنەرە ڕزگاریان بوو.



گەیشتنە گوندێک و لە هاوڕێیەکی لانکەوە کە نانی پێدان، هەواڵی خۆشیان بیست. کاتێک شەکری کلۆی بینی لانکی بیرهاتەوە کە باسی وریا و شیرینییە سپییەکەی بۆ کردبوو.
پاشان قەشەنگترین (قەڵای کچان) دەرکەوت.



لەم شوێنەدا لانک و کچەکان گۆزەی گڵ دروست دەکەن. خدر بە دوو پاسەوانەکەی قەڵای وت: «بەندەی بەڕێز خدر قارەمانە و ئەمەش غوڵامی بێ چارە، وریا.» پاسەوان پێکەنی و وتی: «بەڵام مل باریک تۆ زیاتر لە لاشەی مردوو دەچیت نەک قارەمان!»



خدر بە تووڕەییەوە وتی: «بێ هونەر، جەستەی من مۆدێلی ڕۆژە، گێل.» خەریک بوو لەگەڵ یەک شەڕ بکەن کە شاژن پڵنگ دەرکەوت.



خدر به دەنگی بەرز وتی: «گیان! به هۆی خۆشەویستی من لەسەر زەوی نەنکی ئاوارە بوو.»
له کاتێکدا که شاژن پڵنگی ئارام دەکردەوە، پیرێژنی بازرگان هاتە دەرەوەو وتی: «بەم زەبەلاحەوە هاتوون ماڵەکەم تاڵان بکەن؟»



وریا وەڵامی دایەوە:«دایە گیان، هاتووم لەگەڵ لانک بۆ ماڵەوە بگەڕێینەوە.»

پیرێژن سەیری کرد و وتی: «بە زۆر یادانەوەی "٢" پارەی ئاڵتوونم؟»

وریا بێدەنگ بوو و دواتر وتی: «ئیش دەکەم ئەگەر چی دەسەڵات لەگەڵ ئێمەیە بەڵام مافمان هەیە!»



بە فەرمانی پیرێژن لانک هات. فرمێسک لە چاوی وریا و لانک هاتە خوارێ و خدریش چاو بە گریان
دەیوت: «پیرۆزە پیرۆزە! خوایە زاوایی من!»



لە لانک دەبیستریێ، کاتێک باوکی، لە لای پووری دایدەنێت، پوورە پیرەکەی، لانک بە (پیرێژنی بازرگان) دەفرۆشێت. بەڵێ، ئەو ڕۆژە جوانە بە خواردنی شەکری کڵۆ تێپەڕی.



لانک و وریا هەستیان بەوە کرد ئەم (شیرینییە سپییە)ش خەڵاتێک بوو لە لایەن خواوە تا یەکتر بدۆزنەوە.



کاتێک جیابوونەوە خدرکە لەگەڵ شاژن پڵنگ دوردەکەوتەوە، وتی: «پاڵەوان خدر ڕۆیشت، ڕێز دانێن!»، وریا و لانک کە هەستیان بە غەمباری دەکرد، پێکەنین.



چەند مانگێک بەسەر چوو و وریای ماندوو لە قەڵای کچان سەر قاڵی کاری قورس بوو و کاتی  نیوەڕۆ لە تەنیشت لانک لە نێوان سەوزەگیا و گوڵ نانیان دەخوارد.





چونکە ئەو وەک کوڕی خۆی لەگەڵ پیرێژن ڕەفتاری دەکرد و تەنیا دەیوت: «بەڵێ دایە گیان.»
ئەم هەواڵە خۆشە بوو بە هۆی دوژمنی پووری لانک و پاسەوانی قەڵا.



ڕۆژێک کە لانک لەگەڵ مەلەکان بوو و بە گۆرانی و سەما خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی. کە پووری بینی، وتی: «ئەم کچە لاوازە شاژن بێت؟! هەرگیز نابێت بە شادی ژیان تێپەڕ بکات!»



بەم بیرۆکە ناپەسەندەیەوە بۆ قەڵا چوو و بە وریای وت: «براکەم وا تێگەیشت بوو کە لانک لەگەڵ تۆ بۆ قەڵا ڕایکردووە و ئەمڕۆ کە کچەکەی لە گوند بینی، بەهێز لەگەڵ خۆی بردیەوە بۆماڵەوە... ئای داماو!»



وریا سەر سام بوو و بڕیاریدا بۆ دەرەوەی قەڵا بچێت. کە یەکێک لە پاسەوانەکانی قەڵا بە تووڕەییەوە لە وریای داواکرد بە خێرایی بگەڕێتەوە. وریا وەڵامی نەدایەوە. پاسەوان بە نیفرەت کەوانی بەرەو وریا نیشانە گرت و هاواری کرد: «هۆی وریا!»



وریا گەڕایەوە و لە پڕ تیرێک لە دڵیدا و مرد. لانک بە بینینی تەرمی وریا هێز و توانای نەماو مرد.



ئەو دووانە چونە بەهەشت، چونکە بێ ئازار و پاک بوون. بەڵام باوک و پووری لانک بە نەخۆشی مردن و پاسەوانی قەڵاش ڕایکرد، لەزەوی ئاژەڵەکان بووبە داوەوە.



گوڵە جوانەکان، ئەگەر دوو کەروێشکی سپی بە ڕاکردن بۆ خەونی ئێوە هاتن، دوو شەکرە کلۆ بۆ کیسەکەیان فڕێ بدەن، بە ئامانجی خۆتان دەگەن.



گوڵە جوانەکان، ئەگەر دوو کەروێشکی سپی بە ڕاکردن بۆ خەونی ئێوە هاتن، دوو شەکرە کلۆ بۆ کیسەکەیان فڕێ بدەن، بە ئامانجی خۆتان دەگەن.

## لە بڵاوکراوەکانی خانەی سمۆرە






وەزارەتیی ڕۆشنبیریی و لاوان
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەر و وەرزش و لاوانی سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتیی خانەی سمۆرە

سەرپەرشتیی بەرهەم: تریفە محەممەد ئەحمەد

ناوی کتێب: کەروێشکی ئەویندار
بابەت: چیرۆک
نووسین و تایپ و ئامادەکردنی وێنەیی: زەمانە سالم
پێداچوونەوە و هەڵەچنی: سۆران ئەنوەر
نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: هەڵاڵە عەزیز
سەرپەرشتیی چاپ: دانا تەیب مەنمی
چاپخانەی
تیراژ: ( ١٥٠٠) دانە
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی ( ٢١٧٨)ی ساڵی ( ٢٠١٣)ی پێدراوە
☎ ٣١٨٥٦٩٩

E _mail:
Xanaysmora@hotmail.com
ناونیشان: سلێمانی/ تەنیشت بەڕێوەبەرایەتیی باجەکان- نزیک بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هاتوچۆ

© ٢٠١٣

بەڕێوەبەرایەتیی خانەی سمۆرە

نرخ: ١٥٥٠ دینار

مافی لەچاپدانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەی سمۆرە پارێزراوە

© ٢٠١٣